## زمناكۆ عزیز لە گفتوگۆیەكدا سەبارەت بە "گروپی پشتیوانی لە ئازادی بیروڕا"و كارو چالاكییەكانیان:

# هۆڵی دیالۆگ، بەشاهیدی ئامادەبوانی كرایە دادگایەك بۆ ئیسلامیەكانو كردەوە تیرۆریستانەكانیانی تیا مەحكوم كرا

**سازدانی: سەعید ئەحمەد**

**ئۆكتۆبەر: گروپەكەتان "گروپی پشتیوانی لە ئازادی بیروڕا" چۆنو كەی دامەزراندو ئامانجی چیە؟**

زمناكۆ عزیز: دوابەداوی ئەوەی كە كتێبەكەی مەریوان هەڵەبجەیی كرایە ئامانجێكی سیاسی لەلایەن ئیسلامیەكانەوە بۆ ئەوەی لێرەوە فەزای كۆمەڵگا ژەهراوی بكەنو كۆنەپەرستی فەرزبكەن بەسەر كۆمەڵگادا، كە دیارە هەلومەرجی سیاسی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەكە بەگشتیو لەعێراق بەتایبەتی دەرگای ئەم ملهوڕیەی ئیسلامی سیاسی خستۆتە سەرپشت، ئێمە بۆ وەستانەوە بەرامبەر ئەو هەراوهوریایەیانو بۆ دانانی سنورێك بۆ دەستدرێژیەكانیانو كردەوە تیرۆریستیەكانیان، وەهەروەها بۆ داكۆكیكردنو پشتیوانی لەئازادیخوازانو ئازادی ڕادەربڕین، بیرمان لەوە كردەوە كە ئەبێت پەرچەكردارێك هەبێت بەرامبەر ئەو رەفتارو كردەوانەی ئیسلامیەكانو لەجێگەیەكدا بخرێنەوە كونە تاریكەكانیان. بۆ ئەم مەبەستە ژمارەیەك كەسی ئازادیخواز پێكەوە كۆبوینەوەو لەسەر خەتەری ئەم حەملەیەی ئیسلامیەكان قسەمان كردو چەند كارێكمان بۆ خۆمان دیاری كرد.

دواتر ڕێككەوتین كە ئەم كۆمەڵە كەسە ناوێك لەكارەكەی خۆمان بنێین، بۆیە ناومان نا "گروپی پشتیوانی لەئازادی بیروڕا"، وە ئامانجی ئەم گروپە داكۆكیكردن ئەبێت لە ئازادی بیروڕاو ئازادی ڕادەربڕینو تەنها كەمپینێك نیە بۆ مەسەلەی مەریوان هەڵەبجەییو، دوای ئەوەش هەر بەردەوام ئەبێت. وە لێرەوە ئەمانەوێ ژمارەیەكی هەرچی زیاتر لە ڕۆژنامەنوسانو نوسەرانو ئازادیخوازان لەناو ئەم گروپەدا كۆبكەینەوەو بەپشتیوانیی جەماوەری خەڵكی كوردستان بتوانین كارئاسانی بكەین بۆ بەرەوپێشەوە چوونی كارەكانمان.

**ئۆكتۆبەر: وەك دەزانن لەدەرەوەی وڵاتیش كۆمەڵێك دەستەو گروپو هەوڵی هاوشێوەی ئەوەی ئێوە لەئارادایە.. هیچ پەیوەندیو هاوكارییەك لەنێوان ئێوەو ئەواندا هەیە؟**

زمناكۆ عزیز: ئاگاداری كاری ئەو دەستەو گروپانەی دەرەوەی وڵاتیش هەین، كە كاری زۆرباشیان كردوەو وێڕای كۆكردنەوەی ئیمزای پشتیوانی لەمەریوان هەڵەبجەییو كۆكردنەوەی كۆمەكی ماڵی بۆ مەریوان كە ئێستا لە جێگایەكی نادیارداو دور لەچاوی خەڵك ژیان بەسەر ئەبات، هاوكات كاركراوە بۆ ئەوەی لە كێشەكەی مەریوان بچێتە ئاستێكی باڵاترو بۆئەم مەبەستەش چەندین ڕێكخراوی نێودەوڵەتی تایبەت بەداكۆكیكردن لەمافەكانی مرۆڤ و ئازادییەكان بینراوەو لەكێشەكەی مەریوانو لەفەتوای تیرۆركردنی لەلایەن ئیسلامیەكانەوە ئاگاداركراونەتەوەو، لەلایەن خۆیانەوە بەڵێنیانداوە كە كاربكەن لەسەر ئەو كەیسەو ئامادەیی هاوكاری جدیان نیشان داوە. دیارە ئێمە لەناوەوەو لەدەریشەوە هەر یەك ئامانجمان هەیە، ئەمانەوێ نیشانی بدەین كە لە كۆمەڵگای كوردستاندا دەنگێكی دلێر هەیە داكۆكی لە ئازادی ئەكات، دەنگێك هەیە كە نا ئەڵێت بە ئیسلامی سیاسیو كاری تیرۆریستانەی. دەنگێك كە نارازیە بە بێدەنگبوونی دەسەڵات بەرامبەر ئەو وەحشیگەریە. وەهاوكات ئەمانەوێ خەڵك لەدەوری خواستە ئینسانیەكان كۆبكەینەوە، بەڵام ئەو ڕاستیەش ئەبێت بزانرێت كە كاركردن لەدەرەوە وەك ناوخۆی وڵات نیەو جیاوازی هەیە لە شێوازی كاركردنماندا، بەڵام لەناوەرۆكدا ئێمە هەر بۆیەك مەبەستو یەك ئامانج كارئەكەین، وە پەیوەندی ڕاستەوخۆشمان هەیە لەگەڵ بەرپرسانی یەكەمی ئەو كەمپینانەی كە لەدەرەوە بەرێخراون.

**ئۆكتۆبەر: لە ئێوارەكۆڕی ڕۆژی 25ی شوبات لە هۆڵی دیالۆگی شاری سلێمانی پێشوازیەكی گەرم لە گروپەكەتان كراو.. دەستخۆشیەكی زۆر لە تۆ كرا.. ئەكرێ باسێكی ئەوەمان بۆ بكەیت كە بەگشتی چەندە پێشوازی لەگروپەكەتان كراوە؟ هەڵوێستی دەسەڵات لەبەرامبەر ئێوەدا چی بووەو بەگشتی هەڵوێستی دەسەڵات لەبەرامبەر مەسەلەكەی مەریوان هەڵەبجەیدا چۆن هەڵدەسەنگێنیٚ؟**

زمناكۆ عزیز: نەك بەتەنها لە كۆڕەكەو لەناوهۆڵەكەدا پێشوازی گەرممان لێكراوە، بەڵكو لەدەرەوەی هۆڵەكەو لەناو خەڵكیشدا پێشوازی گەرم لەم هەنگاوە كراوە. ئێمە لەسەرەتادا بەتەنها لەسەر یەك مەسەلەی دیاری كراو لەگەڵ خەڵك قسەمان كردوە كە پشتیوانی بووە لەمەریوان هەڵەبجەیی، بەڵام پشتیوانی گەرمی خەڵكو پێشوازیان لە مەسەلەكە، وایكردوە كە دەرگای چەندین مەسەلەی تر بكرێنەوە، بۆنمونە پێشنیاری ئەوەكرا كە كۆمەك كۆبكەنەوە بۆ مەریوانو ناردنەدەرەوەیو ژمارەیەكی زۆریش لەو خەڵكەی كە بینیمانن پێشنیاری كۆمەك كردنیان كردوە، بەڵام ئەوە مەریوان خۆیبووە كە نارازی بووە. چەندین كەس ئامادەبوون مەریوان ببەنە ماڵەكانی خۆیانو ئامادەشبوون گیانی بپارێزن، هەروەها ناوهۆڵەكە، بەشاهیدی ئامادەبوانی كرایە دادگایەك بۆ ئیسلامیەكانو كردەوە تیرۆریستانەكانیان تیا مەحكوم كرا، من قسەی ئەو ژنەم بیر ناچێتەوە كە هەستاو ووتی: "مەلاكان ئەبێت مەمنونی ژن بن، ئەوان نانی ژن ئەخۆن، ئەگەر ژن نەبێت ئەوان لەبرسانا ئەمرن. ئەوان لە مارەبڕینیاندا پارەوەرئەگرن، لە تەڵاقدانیاندا پارە وەئەگرن.. تەنانەت لە مینبەری مزگەوتەكانیشەوە ئەگەر دژی ژن قسەنەكەن هیچ قسەیەكی تریان نییە بیكەنو موچەكەیانی پێ وەربگرن. بۆیە ئەوان نانی ژن ئەخۆن" ئەمانەو چەندین نمونەی تر كە هەر هەمویان بەڵگەی ئەو پشتیوانیە گەرمەن كە لەلایەن خەڵكەوە لەئێمە كراوە. بەڵام تائەو جێگەیەی كە پەیوەندی بەدەسەڵاتەوە هەیە مەسەلەكە جۆرێكی ترە، ئەوان ڕاستەوخۆ ڕێگرییان بۆ ئێمە دروست نەكردوە، بەڵام بەئاشكرا پشتیوانیان لەئیسلامیەكان كردوەو ڕێپێوانە سێسەد كەسیەكەیان لەسلێمانی كە مۆڵەتی دەسەڵاتدارانیشی نەبوو، لەلایەن پۆلیسو ئاسایشەوە پارێزگاری لێكرا. دەسەڵات بێدەنگە بەرامبەر ئەو فەتوای كوشتنانەی كە لەدەزگاكانی ڕاگەیاندنی حزبە ئیسلامیەكانەوە ڕۆژانە پەخش ئەكرێت. دەسەڵات فزەیەكی لێوەنەهاتوە بەرامبەر ئەوەی كە مزگەوتەكانیان كردوەتە مۆڵگەی كاری تیرۆریستانەیانو ڕۆژانە هەڕەشە لە ئازایخوازانو خەڵكی تیا ئەكرێت. دەسەڵاتداران گوێی خۆیان كەڕكردوە لەڕاستای ئەو دەنگانەی كە خوازیاری دەستكۆتاكردنی ئەم تیرۆریستو كۆنەپەرستانەن. هەموو ئەمانەو وەزعیەتی سیاسی هەڵواسراوی ئێستای عێراق ئاماژە بەوە ئەكەن كە لەئاییندەدا ڕێگری بۆ ئێمە دروست بكەن.

**ئۆكتۆبەر: تا ئێستا گروپەكەتان چ كارو چالاكیەكی ئەنجامداوەو بەرنامەی كاری ئایندەتان چیە؟**

زمناكۆ عزیز: ئێمە هەوڵمانداوە كە مەسەلەی مەریوان هەڵەبجەیی لە ئاستی ڕاگەیاندنەكاندا گەورەتر بكەین، تائێستا لەم هەنگاوەماندا ئەتوانم بڵێم سەركەوتوو بوین، وەكەمپینێكی كۆكردنەوەی ئیمزامان دەست پێكردوە. بۆ ئەم مەبەستە سەردانی چەندین دەزگاو كەسایەتیو ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەنوسانمان كردوە، خۆشبەختانە پێشوازی گەرم لەو هەنگاوەمان كراوەو تائێستا سەدان كەس ئیمزای پشتیوانیان بۆ دادكۆكی لە ئازادی بیروڕا بەگشتیو مەریوان هەڵەبجەیی بەتایبەتی كردوە، وە ئەو هەڵمەتی ئیمزا كۆكردنەوەیەش تائێستا هەر بەردەوامە، وە بۆ زانیاریشتان ئەم هەڵمەتی ئیمزاكۆكردنەوەیە هەریەك لەشارەكانی سلێمانی و هەولێرو كەلارو ڕانیە بووە. وەتوانیومانە كە كۆڕێكی جەماوەری بگرینو لەلایەك پێناسەی گروپەكەی خۆمان بكەین، وەلەلایەكی تریشەوە كێشەكەی مەریوانو مەسەلەی ئازادی زیاتر ئبراز بكەین، كە پشتیوانی گەرمی لێكراو ژمارەیەكی باشیش ئامادەییان دەبڕیوە كە ببنە ئەندامو هەڵسوڕاوانی ئەم گروپە. وە

لەئایندەشدا جگەلەوەی کە لەهەر جێگایەك ئیمکان هەبێت لەسەر مەسەلەی ئازادی بیرورا سمینارو کۆڕی جەماوەری ئەکەین، هاوکات بەنیازین کە لیستی ئەوناوانەی کە ئیمزایان کردوە لەگەڵ یاداشتنامەیەکدا بدەینە هەردوو حکومەتی هەرێمی سلێمانیو هەولێرو داوای هەڵوێست وەرگرتنیان لێبکەین. وە بەنیازی ئەوەین کە پرۆژەی یاسایەك بدەینە پەرلەمانی کوردستان کە مەسەلەی ئازادی بیرورا بکرێتە یاساییو لەناو دادگاکاندا کاری پێبکرێت، بۆئەم مەبەستەش چەند پارێزەرو شارەزایەکی یاساییمان دیوە، هەرکاتێك ئەو پرۆژەیە تەواو بێت هەوڵئەدەین کە ڕێکخراوو حزبە سیاسیەکانیش لەکوردستان تەبەنی بکەنو بدرێتە پەرلەمان.

**ئۆکتۆبەر: چ پەیامێکت بۆ نووسەران و ڕۆژنامەنووسان هەیە.. کە ئەمرۆ یەکێکیان بەهۆی ڕەخنەگرتن لە دینەوە کەوتۆتە بەر هەڕەشەی هێزە ئیسلامییەکان و فتوای کوشتنی دەرکراوە؟ بەڕای تۆ ئەم مەسەلەیە چەندە پەیوەندی بە خەڵکی تر و ژنان و لاوان و ئازادیخوازانەوە هەیەو چ ئەرکێك لەمبارەیەوە دەکەوێتە ئەستۆی ئەوان؟ بانگەوازت بۆ ئەوان چییە؟**

زمناکۆ عزیز: ڕۆشنبیرانو نوسەرانو ڕۆژنامەنوسان ئەرکیانە کە ئەم کێشەیەی مەریوان هەڵەبجەییو مەسەلەی ئازادیە بە پرۆژەیەکی جدی خۆیان بزانن، ئەوەی ئەمرۆ یەخەی مەریوانی گرتوە سبەی یەخەی ئەوانیش دەگرێت. بەهەرئەندازەیەك بەرەی کۆنەپەرستی لەم مەسەلەیەدا پێشرەوی بکات بەهەمان ئەندازە پاشەکشە بەسەرجەم ڕۆشنبیرانو نوسەرانو ڕۆژنامەنوسانو ئازادیخوازان ئەکرێت، بۆیە ئەبێت بەهەموو توانایەکیانەوە لەمەیداندا بن، ئەگینا فەزایەکیان بۆ ئەخولقێت کە نەتوانن نەك هەر تەعبیر لەبۆچونەکانیان بکەن، بگرە بە بێدەنگیان ئەبنە بەشێك لەو هێرشە، هەموو ئەمانەش ئەبێتە هۆکاری پێشنەکەوتنی کۆمەڵگا.

سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکەت دەمەوێت ئەوە بڵێم کە خودی کێشەی کاریکاتێرەکانی دانیمارکو کتێبەکەی مەریوانو هیستریای ئیسلامیەکان ڕاستەخۆ پەیوەندی بەلاوانو ژنانەوە هەیە، ئیسلام کاتێك جێگەوڕێگەی خۆی لەدەست ئەدات کە ژنان ئازاد بن، لاوان مەزهەب بخەنە لاوە، ئەگەر ژنانو لاوان ئازاد بنو خۆیان لە زنجیرو ئەسارەتی مەزهەب ڕزگار بکەن چ گوێگرێك بۆ مەزهەب پەیدا ئەبێت؟ بۆیە ئەم پەلەقاژەیەی ئیسلامیەکان بۆ ئەوەیە کە جارێکیتر ئەو پەیامە بدەنەوە بەگوێی کۆمەڵگادا کە ژنان کۆیلەو پلەدوو ئەسیری داب‌ونەریتی ئیسلامین، ئەوان خزمەتکاری باوكو براو مێردەکانیانن، کەم عەقڵو نیوەی پیاوانن، جلەوی حەزو ئارەزوە ئینسانیەکانی لاوانیش بکەنو هیچ شتێك لەدەرەوەی بەرنامەکەی ئەواندا نەکەن. بۆیە ڕووی قسەی ئیسلامیەکان بەدەرجەی یەکەم ڕووی لە ژنانو لاوانە، هەربۆیە لاوانو ژنانیش ئەرکی وەستانەوە بە ڕووی ئەوانی ئەکەوێتە سەرشانو ئەبێت بەرەی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی بەهێز بکەن. ئەبێت ببنە خەباتکاری ڕێگای داکۆکی لەئازادیو یەکسانی ئینسانەکان. بهێننە بەرچاوی خۆیان ئەگەر وەك هەڵەبجەو خورماڵی چەند ساڵ لەمەوبەر کۆمەڵگا بەدەست ئیسلامیەکانەوە بێت، ژنان ئەبێت لەکونی ماڵەکانیانو لەکونی دەرزیەوە تەماشای ڕوناکی بکەن، لاوانیش ئەبێت ڕیش بەردەنەوەو نوێژ بکەن، باسێك لەمۆسیقاو سەماو بۆنی خۆش و جوانی نامێنێت. هەرهەموو ئەبنە ڕەعیەتی کۆنەپەرستێکی داواکەتوو، بۆیە ئەگەر پێشکەوتنخوازانو ئازادیخوازان ئامادەنەبن ئیسلامیەکان کۆمەڵگا بەرەو سەدەکانی ناوەڕاست پەلکێش ئەکەن.